# راگەیاندنی رۆژنامەگەریی

## خولە کۆمەڵە لەبەردەم دادگادا بە تاوانی کوشتنی هێشووی کچی

رۆژی دووشەممە، ریکەوتی 29 ی سێبتێمبەری 2003، عەبدوڵلا محەمەد یونس ناسراو بە خولە کۆمەڵە لە مەحکەمەی ئۆڵد بەیلی بە تاوانی کوشتنی هێشووی کچی دادگایی دەکرێت.

هێشوو لە ئێوارەی 12 ی کانونی یەکەمی ساڵی رابردوودا لە تەمەنی 17 ساڵیدا لە لەندەن تێرۆر کرا و لاشەکەی لە ماڵی خۆیان دۆزرایەوە. لەو کاتەوە باوکی کە لە نهۆمی سێهەمی ئەپارتمانەکەیانەوە خۆی فڕیدابوو و بە برینداری و لە ژێر چاودێری پۆلیس بردرا بۆ نەخۆشخانە، زیندانیکراوە.

ئەم قەزیەیە تەواوی کۆمەڵگەی کوردی لە لەندەن هەژاند. رووداوەکە بە دوو جۆر بڵاوبۆوە: هەندێ کەس تێرۆرکرنی هێشوویان بە مەسەلەی کوشتن بە بیانووی ناموسپەرستیەوە دانا. بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگەش نکوڵیان لەوە دەکرد کە خولە کۆمەڵە بە کارێکی وا هەڵسابێ. بۆیە دەنگ و باس بڵاو بۆوە کە خولە کۆمەڵە و کچەکەی لە لایەن رەگەزپەرستانەوە هێرشیان کراوەتە سەر و هێشوویان کوشتووە و باوکیشیان لە پەنجەرە فڕێداوەتە خوار. شایانی باسە کە خولە کۆمەڵە ئەندامێکی کۆنی یەکێیتی نیشتمانی کوردستانە.

رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی بە بیانووی ناموسپەرستیەوە کە بە کواک ناسراوە، لە کاتی خۆیدا یەکسەر راگەیاندنێکی بڵاوکردەوە (بڕوانە www.kurdishmedia.com/kwahk) تیایدا هەڵوێستی خۆی راگەیاند کە بریتی بوو لە بەرپەرچدانەوەی گوێگرتن لە دیعایە و کەوتنە ژێر کاریگەریی دەستە و لایەنی سیاسیی دیاریکراو، هەروەها پشتبەستن بە پشکنین و بەڵگەکانی نوێنەرانی قانونیی بەریتانیی بۆ دەرکەوتنی حەقیقەت و دابینکردنی دادوەریی. لەوکاتەوە کواک وەکو رێکخراوێکی باوەڕپێکراو لەگەڵ نوێنەرانی قانونیی بەریتانی لە پەیوەندی و کارکردن دایە بۆ دابینکردنی دادوەریی.

تا ئێستا خولە کۆمەڵە چەند جارێ لە بەردەم دادگادا وەستاوە بۆ لێپرسینەوە. لە پرۆسەی لێپرسینەوەکەیدا خۆی دانی بەوەدا هێناوە کە ئەو هێشووی کوشتووە، بەڵام

به بیانووی ئەوەی کە ئەمە لەناو کورددا مەشروعە و کولتوری کوردی ڕێگا بەم جۆرە ڕەفتارە دەدا، دەیویست حوکمەکەی کەم بکرێتەوە. کواک بە درێژایی پرۆسەکە دژ بەوە وەستاوە کە کوشتنی هێشوو بخرێتە قالبی ڕێژەیی کولتورییەوە و ڕەوایی بدرێت بە کوشتنی هێشوو لەبەرئەوەی کوردە.

بۆ لەبیرنەکردنی هێشوو و بەرگریکردن لە دادوەریی، داوا دەکەین لە ئەندامانی کۆمەڵگەی کورد و بەرگریکەرانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەوانەی بە تەنگ ئەم قەزیەوەن ئامادەی دادگاییکردنەکە بن.

ڕۆژ: دووشەممە، 29 /09/ 2003
کات : 10.30 ی سەرلەبەیانی
شوێن : Old Bailey Court
Old Bailey
Underground: St. Paul

ڕێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژیی بە بیانووی ناموسپەرستیەوە

Kurdish Women Action against Honour Killing (KWAHK)
Website: www.kurdishmedia.com/kwahk
Email: kwahk@hotmail.com